# بێ دەنگ بوون یا بێ دەنگ کران؟

محەمەد وەسمان رەسوڵ

پشدەر/کوردستان - ٢٠٠٤/٦/١٤

د.مەحمود عەلی عوسمان و سەلاحەدین محەمەد بە هائەدینی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەڵاتی هەڵوەشاوەی عێراق .. لە بن زمان بە ئاشکرا ، لە دەزگای راگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوەدا (( رۆژنامە و تەلەفزیۆن)) قسەی بێ بنەما دەکەن .. یەکەمیان دەڵێت : گەر سەرکردایەتی کوردی بەر لە راگەیاندنی پێکهێنانی حکومەتی کاتی عێراقی ، دەستی دابگرتایە ، ئەوا یەکێك لەو دوو پۆستە سەرەکیە بەر کورد دەکەوت ! .. و دووەمیان دەڵێت : لە پای ململانێی نێوان هەردوو هێزە گەورەکەی کوردستان (( پارتی و یەکێتی )) و لە بن فشاری ئەمەریکا ، کورد یەکێکی لەو دوو پۆستە سەرەکی‌یە لە دەست دا .. ئەوەی جێی سەرنجە هەردوو (( د.مەحمود و سەلاحەدین )) ئەندامی ئەنجومەنی دەستەڵاتی هەڵوەشاوەی عێراق بوون . وەك هەموو ئەندامەکانی دی خاوەنی رەئی و دەنگی خۆیان بوون .. بۆچی ئەوان لە جێگای (( تاڵەبانی و بارزانی )) نقەیان نەکرد و بەرامبەر هەڵوێستی ئەمەریکای کولونیال دەنگی نارەزاییان لێ بەرز نەبووە و هۆڵەکەیان جێ نەهێشت ؟! خۆ کەسێك قەمتەر و پیوەندی نەکردبوون .. بۆیە هەر پێنج ئەندامە کوردیەکە بە موحسن عەبدولحەمیدی (( اخوان المسلمین )) یشەوە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە یان بەرپرسن و ئیدی پێی ناوێت د.مەحمود و سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین پاکانە بۆ خۆیان بکەن.

***************

www.kurdistannet.org